كوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
8-3-2007 0:58 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ڕیفۆرم!!!! ... ئاسۆ عەلی

ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە دەنگۆی ریفۆرم ڕیفۆرمخوازی لەسنورەکەی ی ن ک دا بەرز بۆتەوە بێ ئەوەی تاکو ئێستا وشەیەک یان بەرنامەیەک بۆ ئەو هەراوهوریایەی کەبەرپاکراوە بەفەرمی خرابێتە بەردەمی جەماوەرو بۆ ڕای گشتی ئاشکراکرابێت، جگە لەو نامەیەی کە چەند ئەندامێکی م س ینک ئیمزایان کردبوو ئەویش بێجگە لە قسەی سارد وبێتام دژی مامجەلال هیچی تری تیانەبوو.

مامجەلال پیر بووە 70 ساڵە. . . . ئەم قسەیەکەی دەتوانرێ بخرێتە قاڵبی ریفۆرم و چاکسازیەوە، خاوەنی ئەوقسە پڕوپوچانە خۆیان پێویستیان بە چاکسازی و ئسلوبی قسەکردن هەیە بۆخۆیان.

دەنگ وباسی ڕیفۆرم کەی و لە چ کاتێکدا پەرەی سەند؟

کاتی شەڕی ناوخۆ ینک وئەو مەسئولانەی کە ئێستا بە گەندەڵ ناویان دەبەن وبە ئەوانی تریشەوە کە ئێستا خۆیان ناو ناوە ڕیفۆرمخواز لە گەرمەی گەندەڵی وداڕووخان و وێرانکردنی کوردستاندا بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی شەڕ بوودژی پ د ک و حیزبەکوردستانیەکانی تر، ئەو شەڕە بۆ ئەوان ڕیفۆرم بوو. . هیچ کەس ولایەنێک لە خۆشی شەڕەکەیان دژی پارتی ورتەیان لەدەم نەدەهاتە دەرەوە ڕیفۆرم و میفۆرم دیناریکی قەڵبی نەئەکرد بۆ ئەوان.

ڕیفۆرم لەسەرەتای دەستپێکردنی ئاشتی لەکوردستان و گفتوگۆی ینک و پدک پەرەی سەند، ئەوکاتەی ینک بەسەرکردایەتی بەڕێز مام جلال لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانیدا ڕێککەوتن بۆ ئەوەی چیتر شەڕی ماڵوێرانکەری کورد بەکورد نەکرێ و حەرام بکرێت.

ئەو دەستەیەی کەدژی ئاشتی کوردستان بوون ولە ڕاستیدا دژی هەموو جۆرە ڕێککەوتنێک بوون لە گەڵ پارتی و لایەنەکانی تری ساحەی کوردستانی، هاواریان لێ هەستا وبە ناوی رێفۆرم و گەندەڵی هەرایەکیان دژی مامجەلال دەست پێکردووە تەنها لەبەر ئەوەی کە مام جەلال لەگەڵ پارتی داڕێککەوتووەو بە ئەنجامێک گەیشتوون کە شەڕنەکەن وئاشتی بەرقەرار بێت، واتە ئێستا مام جەلال باجی ئەو ئاشتی یە ئەدات کە لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی تردا کردوویەتی نەک شتێکی دیکە، مەسەلە پیری و گەندەڵی و شتی تر نیە. ئەو دەستەیە پێیان وایە ینک بەسەرکردایەتی مام جەلال تەنازولی بۆ پارتی کردووە و مەحاڵە نابێ یەکێتی تەنازول بۆ پارتی بکات.

ناوزەدکردووە (negotiationبەڵام هەموو تەنازول وماستاوکردنەکەی خۆیانیان بۆ بەعس بە دانو ستان وگفتوگۆ و ) کە لەساڵانی 1983 /1984 دا بە بێ ئاگاداری لایەنەکانی تری ساحەی کوردستانی دەیانکرد.

هێندە کاڵفام بوون وایاندەزانی حیزبی بەعس هێندە بێ عەقڵ بوو نەیدەزانی کە ئەمان تەمسیلی گشت خەڵکی کوردستان ناکەن.

ئەگەر مام جەلال ئاشتی لەگەل پارتی دا بە ئەنجام گەیاندبێ وبەرژەوەندی گەلەکەی خستبێتە پێش بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وئەو ئاشتی یەی کە ئێستا خەڵکی کوردستان لەبەرهەمەکەی دەخۆن و ئاوەدانی وخێرو خۆشی بۆ کوردو کوردستان هێناوە دەستپێشخەریمامجەلال بێت، گروپی بەناو ڕیفۆرم ناویان لێناوە تەنازولکردن بۆ پارتی، ئەوە مام جەلال گەورەترین سەروەری بۆ خۆی و حیزبەکەی ومیللەتەکەی بەناوی خۆیەوە بۆ مێژوو تۆمار کردووە بەڵێ مێژوو ئاوها دەنووسرێتەوە. . . .، ئاخر مام جەلال بەو ئاشتیکردنەی لەگەڵ پدک دا لەسەرتاسەری کوردستاندا، نەک تەنها لەناو هەیکەلی ڕێکخستنی ینک دا ڕیفۆرمی دەستپێکردوو بە عەمەلی هەنگاوی بۆ نا، ئێستا هاتوون ئیشەکانی خۆی بەخۆی دەفرۆشنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-3-2007 0:58 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

هەڤاڵ نەشیروان لە لوتکەی هەرمی دەسەڵاتی ینک دابوو جێگری مام جەلال بوو، بە حوکمی شوێنەکەی ودەسەڵاتەکەی دەیتوانی لەو شوێنەوە چاکسازی وریفۆرم لە ناو ینک دا بکات ئەگەر مەسەلە ڕیفۆرم وچاکسازی بووایە!!، نەک ڕاکاتە دەرەوەو خۆی بخاتە بازنەکەوەو بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە، ئاخر ریفۆرم لە ناوەوە دەکرێت نەک لەدەرەوە. . . بەڵام چونکە ئەسڵی مەسەلەکە ڕیفۆرم وچاکسازی نیەو نەبووە، مەسەلەکە ڕقێکی ئەستوورە لەدڵێکی ڕەشەوە هەڵیکردووە و دانو ستان وئاشتی و پێکەوەژیانی لەگەڵ پارتی ولایەنەکانی تری کوردستانیدا پێ هەزم ناکرێ، بۆیە سەری لێتێکچووەو خۆیشی نازانێ دەست بداتە چ شتێک بۆ ئەوەی داخی خۆی بڕێژێ، ئەوەنیە کاک نەوشیروان لە کتێبی خولانەوە لەناو بازنەدالەوەڵامی ناڕازی بوونی پارتی وبەرەی جود دا دژی گفتوگۆی ینک- بەعس دا بەچ زمانێک دەپەیڤێ، ئاخر ئەوهەمووڕقە لە بەرەی جود لەپای چی و بۆخزمەتی کێ؟!.

بەمەرجێک ئەوکتێبەشی لەساڵی 1999 دا چاپ وبڵاوکردۆتەوە کاک نەوشیروان لەلاپەڕە 64 دێڕی 29/28 دا ئەفەرموێ: (بەپێچەوانەی درۆودەلەسەکانی لایەنەکانی جودەوە کە لە ئێرانەوە ئەوەڕین) . خەڵکینە سەیری ئەم ئاستە نزم و وشە ناشیرینە کەن ئەم هەڤاڵە پێی پەیڤیوە؟! بۆ نەگبەتیش بەتەمایە کۆمپانیای وشە بەڕێوەبەرێت.

دوای ئەوە کاک نەوشیروان کەی لە بواری ڕاگەیاندندا خوێندویەتی یان چی لێ دەزانێ وا بەنیازە پرۆژەیەکی گەورەی ڕاگەیاندن بکاتەوە، یان بەتەمایە لەو دەزگایەوە باوەشێنی ئاگری شەڕی ناوخۆبکات، قسەو قسەڵۆک تەخشان پەخشان بکاتەوە. . . ئەگەر کاک نەوشیروان بەتەمایە ئاستی نووسینەکانی وەک ئاستی کتێبی (خولانەوە لەناوبازنە) کەی دا بێت ئەوە دەبێ بۆخۆی هەر بیخولێنێتەوە چونکە پرۆسەی ئاشتی ڕێچکەی خۆی گرتووەو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، تازە جارێکی تر هیچ کەس ناتوانێ سەرکردایەتی کوشت وکوشتارێکی تری وەک قڕناقاوپشت ئاشان بکاتەوە، . . . . واچاکترە هەڤاڵ کاک نەوشیروان خۆی لەگەڵ ئەم وەزعەدا بگونجێنێ وچاوی بکاتەوەو دنیا ڕوونتر ببینێ، دەست بداتە دەستمان وهەموو پێکەوە کوردستانی ئازیزمان ئاوەدان بکەینەوە، یەکترمان خۆش بوێ. . . بەسە ئیتر شەڕو ڕق وکینە لێگەڕێن با ئازاد بین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.